Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service

# ڤیدیۆ نوێیەکان باسی زانیاریە سەرەکیەکانی پرۆسەی پەنابەری دەکەن بۆ داواکارانی پەنابەری

فەرمانگەی کۆچ ژمارەیەك ڤیدیۆی بۆ داواکارانی پەنەباری دروستکردووە سەبارەت بە قۆناخە جیاجیاکانی پرۆسەی پەنابەری. ئامانج لەو ڤیدیۆیانە ئەوەیە کە ئەوەندەی بکرێت بەشێوەیەکی ساکار و لێ تێگەییراو پرۆسەی پەنابەرێتی بۆ داواکارانی پەنابەری ڕوون بکرێتەوە.

## لە کەناڵی یوتوب Youtube ی فەرمانگەی کۆچدا تەماشای ڤیدیۆکان بکە

لە کەناڵی یوتوب Youtube ی فەرمانگەی کۆچدا ئەم ڤیدیۆیانەی لای خوارەوە دەبینیتەوە:

- داوای پەنابەرێتی لە فینلەندا
- لەسەر چی بنەمایەك مۆڵەتی مانەوە (ئیقامە) وەردەگیرێت؟
- لە پرۆسەی پەنابەرێتیدا چی کەسێك چی شتێك دەکات؟
- چاوپێکەوتنی پەنابەرێتی (مقابلە، ئینتەرڤیو)
- چاوەڕوانکردنی بڕیارەکە
- بڕیاری قەبووڵ
- بڕیاری ڕەت کرانەوە

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ڤیدیۆکان دەتوانیت پرسیار لە کارمەندەکانی کامپەکەت بکەیت.

ڤیدیۆکان وەکو بەشێك لە پڕۆژەی بەناو (وەن ONE)ئامادەکراون. ئامانج لە پڕۆژەکە دڵنیابوونە لەوەی کە داواکارانی پەنابەری زانیاری باشیان هەبێت سەبارەت بە پرۆسەی پەنابەرێتی و مافەکانیان و بەرپرسیارێتیەکانیان لە پرۆسەکەدا. پڕۆژەی (وەن ONE) یارمەتی خەرجی پڕۆژەکەی لە سندوقی بەناو (پەنابەری -، کۆچ- و ئاوێتەبوون لە کۆمەڵگادا AMIF) وەرگرتووە.

لە پڕۆژەکەدا بێجگە لە ڤیدیۆکان، بڵاوکراوەیەکی زانیاریش بۆ داواکارانی پەنابەری دروستکراوە، کە تیایدا باسی زانیاریە سەرەکیەکانی داوای پەنابەرێتی دەکرێت. لەو کاتەدا کە داوای پەنابەرێتی دەکەیت پۆلیس یان کاربەدەستانی سنوور ئەو بڵاوکراوەیەت دەدەنێ. بڵاوکراوەکە لە ماڵپەڕی ئینتەرنێتی فەرمانگەی کۆچیشدا هەیە.

بابەتەکان بەهاوکاری لەگەڵ داواکارانی پەنابەری دروستکراون

لە پڕۆژەکەدا ویستراوە ئەوەندەی بکرێت بابەتەکان زیاتر بۆ داواکاران دروست بکرێن. لەبەر ئەوە بابەتەکان پێکەوە لەگەڵ داواکارانی پەنابەری و کارمەندەکانی کامپی پەنابەران دروستکران.

ڤیدیۆکان وەرگێڕدراون بۆ زمانە گشتیەکانی داواکارانی پەنابەری: عەرەبی، داری، ئینگلیزی، فارسی، سۆماڵی، کوردی سۆرانی، تورکی و ڕووسی. بڵاوکراوەکەش بێجگە لەم زمانانە بە زمانی ئەلبانی، ئیسپانی، کوردی کرمانجی، فەرەنسی و سویدیش دەست دەکەوێت.

**تەماشای ڤیدیۆکان بکە:** migri.fi/videot-turvapaikanhakijoille

**بڵاوکراوەکە بخوێنەوە:** migri.fi/esitteet-ja-julkaisut#turvapaikka